www.kurdistannet.org
26-10-2006 14:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# رونکردنەوەیێک لە سەر رونکرنەوەکەی (بە ناو دلسۆزێکی کوردستانی ئێران) ... دڵشاد جەمشیدی



دوابەدوای بلاو بونەوەی راگەیاندنەکەی (مەکتەبی راگەیاندنی ی ن ک) کە بە زمانێکی نادۆستانە و پر لە هەرەشە و دور لە گیانی دۆستایەتی نوسرابوو، لەم لاو لەولا هێندێک لە دلسۆزانی ئەم ئاو خاکە و لایەنگرانی ئاشتی و پێکەوەبون، بۆ راستکردنەوەی هێندێک راستیو واقیعی پشت گۆیخراو و بە ئەنقەست لە بیر کراو، هەوڵیان دا کە بە رەخنە گرتن لە راگەیاندنەکەی (ینک) و وەبیرخستنەوەی هێندێک راستی حاشا هەلنەگر، . راگەیاندنێکی سەرەرۆ و نووسەرێکی نییەت خراب و ئۆرگانێکی پارتێکی دۆست ئاگادار کەنەوە کە:

1. هەموو کەس بە چاویلکەی بەرێزیانەوە لە بابەتەکان ناروانن.
2. دۆسیەی سەر بە مۆر کراوی تیرۆرەکان بوونی هەیە
3. ئەم دۆسیە یا کێشەیە خاوەنەکەی هەموو گەلی کورد وهەموو مرۆڤێکی ئازادی خۆازە (نە بەتەنیا حیزبی دیموکرات و لایەنەکانی تر)
4. هیچ یەک لە باڵەکانی نێو حیزبی دیموکرات (نە ئەکسەریەت و نە جەماعەتی بە ناۆ کەمینە) بۆیان نییە بەم دۆسیەوە مامەڵە بکەن و لە پێناو مانەوەیان لە قەلاکەی "هەرمۆتە" پاکانە بۆ لایەنێک بکەن.
5. هەمو ئەو کەسانەیش کە وەکو تاک ئەو سالانەدا لە خزمەت سیاسەتی قەلاچۆ کردنی تێکۆشەرانی رۆژهەلات دا بووگن، دەبێ بزانن کە ئەم فایلەیش وەکو هەزاران فایلی بۆنداریتر کە وردە وردە دەسەلاتی کوردی لە باشور پێانا رادەگا، رۆژێک کە کەش و هەوای سیاسی کورد بۆ هێنانە گۆڕی لە بار بێت. باسی دێتە گۆرێ و بێشک لایەنی براوە (هەمان ئیرادەی گەل و لاینی دوراویش هەر خاینان بە گەل و نیشتمان دەبێت.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرسورمان و بگرە شک و گۆمانیشە ئەوەیە کە کەسانێک بە ناوی نهێنیەوە دەنووسن. سەیر ئەوەیە لە سەردەمێکدا کە کچان و ژنانی ئێمە عەبا و چارشێو و مەقنەعە وەک نوێنگەی کۆنەپەرەستی و هەلاواردن فرێ دەدەن، ئەم جەنابانە خۆیان خزاندووتە ژێر چارشێوەوە و هەولی دلسۆزانە و نییەتی پاکی ئەو دلسۆزانە دەدەنە بەر تەشەر و رەخنە و وەکو پیشەی دۆژمنانی گەلەکەمان بە هەولە نەزۆکەکانیان دەیانەوێت، بە باسکردن لە کێشە ناوخۆیەکانی حیزبی دیموکرات و چەند بابەتی خۆلقاوی دەستی خۆیان ئەسڵی مەسەلەکە بخەنە پەراوێزەوە.

ئەوانەی کە لە بن چارشیوەوە دەنوسن بۆ بروا پێ کردن نابن (چۆن کەس نازانێت کێن، مۆرەیەێکی سەر بە کۆماری ئیسلامی، نەیارێکی حیزبی، یان نەخۆشێکی دەرونی کە لەم گەرمە بازارەی دووبەرەکێەدا، ژانەکانی کەمایەسییەکانی خۆی پێ دادەمرکێنێ)

من بۆ خۆم یەکێک لەوانە بوم کە لە سەر راگەیاندنەکەی (ینک) هەلویستی خۆم نوسیوە. کورد وتەنی وەلامی سلاو، عەلەیکە. ئەگەرچی بەداخەوە ئەو ڕاگەیەندراوە هیچ سەڵاوێکی تێدا بەدی نەدەکرا.

من لە سەر ئەو باوەرەم کە دەکرا مەسەلەیەی تیرۆری تێکۆشەرانی کوردی رۆژهەلات لە بارودۆخێکی لە بارتر و کەشو هەوایەکی دۆستانە دا باسی لێوە بکرێت. بەلام راگەیاندنەکەی مەکتەبی راگەیاندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەسپێکێکی ناخۆش و لە جێ دا نەبو بۆ باسکردنی ئەم بابەتە گرینگە.

ئەو کەسانەی یان باشترە بڵێم ئەو بیرۆکە هەر لە بنەرەتدا گۆمان ئاویە (کە لە ژێر پەردەی رەشەوە نەشتەری خۆی دەوەشێنێ)، هەوڵی ئەوەدەدا کە بە سەمپاژی کردنی پەیوەندیەکانی لە میژینە و پرلە سەروەیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ئەمجاریش خزمەتێکی تری ئاغاکانی لە تاران بکات.
بەلام دەبێت دۆژمنانی کورد و بەرەنگارانی دۆستایەتی و برایەتی پارتە شۆرشگێرەکانی کورد باش بزانن کە دوستایەتی و پەیوەندی حیزبی دیموکرات و یەکیەتی لەوە پتەوتر ولە مێژینەترە کە بە هەوڵە بۆندارەکانی ئەوان خەوشدار بێت.
بۆ ئیسباتی ئەم قسەیەش ئەوەندە بەسە کە بلێم یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان کاتی خۆی لە یەک سەنگەردا دژی دۆژمنانی کورد شەهیدیان داوە (هێزی پشتیوان) .
رووی قسەی من و ئەو کەسانەیش کە لە مەر راگەیاندنەکەی (ینک) بێدەنگ نەبون لەو تاکانەیە کە تاکو ئیستاش ناو و خۆشەویستی و میژوی یەکیەتیان کردوەتە سەنگەرێک بۆ داپۆشینی ئەو هەڵە فەرامۆش نەکراوەی کە بە کوردیان کردوە.
رووی من و نوسراوەکەی من لەو کەسە هەلپەرەستانە و نان بە نرخی رۆژ خۆرانەیە کە بۆی هەیە لە هەمو پارتێکی سیاسی یا کۆملگایەکی مەدەنیدا بە خەروار بونیان هەبێت (چ لە پارتێکی کوردیدا چ لە رێکخراوێکی ئوروپایشدا)
هەلویستی من و ئەوانەی وەکو من بیر دەکەنەوە. لە پێش هە مو شتێکدا داواکاریەک لە خۆ دەگرێ کە هەم بە قازانجی یەکیەتی و هەم بە قازانجی گەلەکەمانە. ئەویش دورخستنەوە و ریسواکردن و بە خەلک پیشاندانی ئەو سیما دزێو و ناپاکانەیە کە رۆژگارێک مامەڵەیان بە خۆین و گیانی تێکۆشەرانی کوردەوە کردوە. من دیسان ئەم داوایە لە پێشدا بۆ سەرۆکی هەرێم و پاشان پارلمان و تەواوی ئەو کوردە دلسۆزانە دووپات دەکەمەوە کە لێژنەیێک بۆ بەدواداچونی ئەو مەسەلەیە پێک بهێنرێت.
داوا لە مەکتەبی سیاسی هەردو پارتی سەرەکی لە کوردستانی باشور دەکەم کە بە دور خستنەوە و، سزادان و دەرکردنی ئەو کەسانەی کە دەستیان لە تیرۆری 304کوردی رۆژهەلاتی کوردستاندا بوە. لاپەرێکی تری پرشنگدار لە مێژوی خەباتی رزگاری خۆازی پارتەکانیاندا بنەخشێنن.
ئەوەیش وەبیر مەکتەبی راگەیاندنی (ینک) دێنمەوە کە تا کاتێک لە رێزەکانی یەکیەتیدا یان هەر پارتێکی تردا کەسانێک هەن کە دەستیان بە فیتی دۆژمنی کورد، بە خۆینی رۆڵەی کورد سور بوە، دەرکردنی راگەیاندنی لەو چەشنە هیچ یارمەتیک بە کێشەکە ناکات بگرە شک و گۆمانەکان لە سەر ئۆرگانە بریار دەرەکانی ئەو پارتە زیاتر دەکا.
لە بۆ چارشێو بە سەرانی نامۆش کە بە ناوگەلی جوان و هەست بزوێنەوە دەنووسن و دەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوە هەر ئەوندە دەلێم، کە ئەگەر مرۆڤ دلسۆزی کورد بێت هەر وەکو ئەوەی هەمو ئەو چارشێو بەسەرانە خۆیان بە دلسۆزی خاک و نیشتیمان و کورد دەناسێنن، قەد لەوە ناترسێ کە لە سەر دلسۆزی کردن بۆ گەلەکەی توشی دەرکردن لە حیزب یا پارتەکەی بێت.
من تا کاتێک خۆم بە ئەندامی حیزبی دیموکرات دەزانم کە پێم وایە ئەو حیزبە لە پێناو گەل و نیشتمانەکەمدا رێگای راست دەپێوێت. رۆژێکیس کە گەیشتم بەو قەناعەتە کە حیزب لە ئوسولە ئازادی خوازیەکانی لایداوە. قەد ئەو مەجالە نادەم کە دەرم بکەن بەلکو خۆم واز لە حیزب دەهێنم.
بەرێزانی چارشێو بەسەر و جەنابانی نامۆ کە رۆژێک بە ناوە پیرۆزەکەی مینبەریەکانەو و رۆژێک بە ناوی دلسۆزی کورد و پێشەوا و قەندیل و... بیرە تەسک و دواکەوتوەکانتان دەخەنە سەر لاپەرەی ماڵپەرە کوردییەکان و دەیانەوێت راستیەکان چەواشە بکەن و میژوی پرە سەروەری حیزبەکەمان و بزوتنەوە سەربەرزەکەمان ببەنە ژێر پرسیار، لەوە دلنیایان دەکەم و بەو پەری راشکاویەوە بە

ئاغاکانیشتان رادەگەیەنم کە چیتر مرۆڤی هوشیاری کورد بروا بەو کەسانە ناکات کە لە نامۆە دەدوێن و لە غەیبەوە هاتوون.

لە کۆتایشدا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە خۆینی بە ناحەق رژراوی شەهیدانی رۆژهەلاتی لە باشووری کوردستان، ئەو خوشەویستانەی گەر نیشتمانفرۆش و خەیانەتکار نەبوایە کۆماری ئیسلامی قەد نەیدەتوانی زەفەریان بۆ پێ ببات. لەوە پیرۆزتر و بەنرختره کە نە جەماعەتی کەمینەی نزیک لە هێندێک کەس و نە کەس و لایەنی تریش ناتوانن لە پێناو مانەوە لە قەلاکەی هەرمۆتەدا یان هەر شتێکی تردا مامەلەی لەسەر بکەن.

با هەموو کوردێکیش لە هەمو لایەک و بە هەمو باوەرێکەوە باش بزانن کە تەواوی کێشەکان ناکۆکیەکان، شکەستەکان، کۆستەکانی ئەم گەلە هەزاره خۆلقاوی دەستی جاش و خاین و نان بە نرخی رۆژ خۆری خۆمالیە.

با پێکەوە هەولبدەین لە پاک کردنەوەی مالەکانمان لە مرۆڤی خاین و هەلپەرەست و نامۆ و کەس نەناس و کەس نەدیو.

با بروا بە چاوەکانمان زیاتر بکەین لە گۆیکانمان.

هەر سەرکەوێ بزوتنەوەی رزگاری خۆازی گەلی کورد

نەمری و سەر بەرزی بۆ شەهیدان

2006 .10 .24